بانکی رافیدەین جەژنانە بەسەر ٥٠ هەزار بەشداربوو دابەشدەکات

بانکی رافیدەین رایگەیاند دیاری جەژن بەسەر زیاتر لە ٥٠ هەزار بەشداربوودا دابەشدەکات، ئاماژەی بۆکرد ئەم دیاریەش بە ئەو کەسانەیە کارتی ئەلیکترۆنی رافدەینیان بە پاشەکەوتکردن و بازاڕکردن لەبری پارەی نەختینەیی بەکارهێناوە.

بانکی رافیدەین لە راگەیەندراوەکدا باویکردەوە، لە هەنگاوێکی تایبەتدا و بە ئامانجی پاڵپشتیکردنی کلتوری پارەدانی ئەلیکترۆنی و هاندانی هاوڵاتیان بە دەستبەرداربوون لە مامەڵەی نەختینەیی تەقلیدی، هەڵمەتی "جەژنی ئەوە لەسەر ئەمەیە" دەستپێدەکەن، کەمپینەکەش بریتییە لە دابەشکردنی خەڵاتی نەختینە بەسەر هەزاران بەشداربوو کە کارتی ئەلیکترۆنی رافدەین کڕین و بازاڕکردن بەکاردەهێنن.

ئاماژەی بەوەشکرد، ئەم دەستپێشخەرییە هاوتەریبە لەگەڵ ڕێنماییەکانی سەرۆك وەزیرانی عێراق بە هاندانی بانکەکان و کەمپانیاکانی پارەدان بەمەبەستی پەرەپێدانی میکانیزمی هاندانی کاریگەر کە بەشدارە لە خڕاکردنی گواستنەوە بە ئابوورییەکی دیجیتاڵی

بە پارە و گەشەسەندنی کلتووری پاشەکەوتکردن و بەکارهێنانی زیرەکی ئامرازە بانکییە مۆدێرنەکان.

ڕوونیشیکردەوە، بانکی رافدەین بەنیازە جەژنانە بەسەر زیاتر لە ٥٠ هەزار بڕشداربووی چالاکدا دابەش بکات، بەپێی سیستەمێکی چاودێری ڕێکخراو کە ستانداردی وردی دادپەروەری و شەفافیەت لەخۆدەگرێت.